

حەسەن ئە یوبزادە

# پێشەوا قازی محەممەد، کۆماری کوردستان و
# بەیانییەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی" کوردستانی ئێران"

به بۆنەی دووی ڕێبەندان شەستمین سالرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەیانییەیەک بە ناوی کۆمیتەی ناوەندیو وتووێژێکی رادیۆیی بەرێز مامۆستا عەبدوللا حەسەن زادە سکرتێری پێشووی حدکا بە زمانی فارسی و کوردی بلاو- کراونەتەوە کە لەچەند لاوە جێگەی سەرنج و وردبوونەوەن.

بەیانییەکەی کۆمیتەی ناوەندی لەمەر دووی ڕێبەندان بە زمانی فارسی، تەژی لە کەموکوڕیی سیاسیە کە لەژێر ئەو خالانەو خوارەوە دا کۆکراونەتەوە و باس دەکرێن:

1- شکڵ و ناوەرۆکی سیستمی حکومەتیی کۆماری کوردستان کە بەڵگەی ڕاگەیاندنی ئیرادەی ئازادی گەلی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردە بە پێچەوانەی واقیع پێناسەکراوە.

2- هەول دراوە داگیرکردنی کوردستان و لکاندنی بە ئێرانەوە خوازیارانە نیشان بدرێ.

3- هوویەتی نەتەوەیی کورد کە پەیامی سیاسی هەرە گرنگی کۆماری کوردستانە و پان ئێرانیستگەل و حیزبە سەرانسەرییە ئێرانییەکان بە ناوی قەوم و ئێرانیگەری حاشای لێدەکەن لە بەیانییەکەدا لەژێر پەردەی چەمکی مۆدێرنیتە و مۆدێرن بووندا کەمرەنگ نیشان دراوە و ئێرانیگەری و ئێرانیچێتی کراوە تەختەی سیاسی بەردەوامی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

4- ئێرانیچێتی و خەتی ئێرانیگەری کە لە خالی سەرەوەدا باس کرا لە وتووێژە رادیۆییەکەی بەرێز مامۆستا عەبدوللا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بێقەید و شەرتە و ناو- براو جوداییخوازان لە ئێران بە دوژمنی کورد ناودەبا.

5- لێکدانەوەی نووسەری بەیانیەکەی کومیتەی ناوەندی لەسەر هۆیەک لە هۆیەکانی تێشکانی کۆماری کوردستان کە "بە نەبوونی متمانەبەخۆیی" ڕێبەرایەتی کۆماری کوردستان فۆرمۆلەی کردووە ( وێدەچێ مەبەستەکەی پێشەوا قازی بێ) بە لەبەرچاوگرتنی کەسایەتی سەرکۆماری کوردستان و بەڵگەکانی سەردەمی کۆمار و دەقی ڕاپۆرتی دادگایی کردن و دیفاع و وەسیەتنامەکەی دوور لە واقیع دەنوێنێ. لەو پێوەندییەدا پێداچوونەوەیەک بە سەر هەڵوێستی ڕێبەرایەتی سیاسی حدکا لەمەر بڕیاری مانەوەی یەکجاری مەوجودییەتی حیزب و ڕێبەرایەتیەکەی لە باشووری کوردستان لەگەڵ ڕاگرتنی هەموو چەشنە جموجۆلێکی سیاسی و نیزامی، دوای ساڵەکانی نەمانی دوکتور قاسملوو، بۆ دیاریکردنی پیوانەو مێعیاری دەروونلەرزۆکی ، دڵەراوکێ، ڕارایی، ترسنۆکی و متمانە بە خۆ نەبوونی ڕێبەرایەتی کۆمار کە نووسەر باسی دەکا رەنگە پێویست بێ کە لەم وتارەدا ئاماژەی پێدەکرێ.

6- بیانووی پاراستنی بەرژەوەندی برایانی باشوری کوردستان و نەبوونی پەیام و دەرنەبرینی هەلوێستی سیاسی روون سەبارەت بە ئێستا و دادێی کوردستان ئاخر بەشی ئەم وتارەیە.

## 1- پێناسەکردنی شکڵ و ناوەرۆکی سیستمی حکومەتیی کۆماری کوردستان

حیزبی دێموکراتی "کوردستانی ئێران" تا ئەمرۆ جەوهەری مەسەلەی کورد وهۆی سەرەکی تێکچوونی کۆماری کوردستانی بە زمان و بە خوێندنەوەی گروپەسیاسییە چەپاژۆکان و پان ئێرانیستییەکان پێناسە کردووە.

دوای دابرانی حدکا لە حیزبی تودە، رێبەرایەتی حدکا، هوورییەتی سیاسی سەربەخۆی کۆماری کوردستان و پەیامە سەرەکییەکەی، بۆ نیشاندانی گونجاوی داخوازەکانی لە گەڵ بیرۆکەی ئێرانیچێتی وەلانا و لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆیدا ناوی کۆماری کوردستانی کردە "حکومەتی خودموختاری کوردستان". پەیامە سەرەکییەکەی کۆماریشی کە راگەیاندنی هویەتی نەتەوەیی کورد بو, کردە دروشمی" دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان". دێموکراسی بۆ ئێران بوو بە ئاڵقەیەک بۆ لکاندنی کورد بە زنجیری دەسەڵاتدارەتی ئێرانەوە. هۆی ئەوکارە لەژێر کارتێکەری فکری ئێرانیچییەکان و لەریزی یەکەمدا توودەییەکان، بۆ کەمکردنەوەی دەمارگرژی دەسەڵاتداران لە باسکردنی هوویەتی نەتەوەیی کوردبووە. حدکا مەسەلەی کوردی تا پلەی سەرەتاییترین ماف بۆ کورد داکێشا و لە چوارچێوەی مافی فەرهەنگیدا جێی بۆ کردەوە. لەو کاتەوە چاولەدوی دۆستایەتی فلانە حیزبی ئێرانییە ، خوازیاری فیسارە سەرۆک وەزیرە، وتوویژی نهێنی لەگەڵ فلانەترۆریستی نێودەوڵەتی رەتناکاتەوە و ئامادەی هاوکاریکردن لەگەڵ هەر گروپێکی چەندکەسی ئێرانی بووە کە نانەکەی بخوا و ناندێنەکەی دەدرێ. بۆ دابینکردنی دیموکراسی بۆ ئێرانیش یەکەم حیزبی سیاسیی بووە. بەڵام سەرەرای هەموو ئەوانە لەرۆژی پێکهاتنی ئەو حیزبەوە تا ئەمرۆ بە پێی قانوون چ لە نیزامی پاشایەتیدا و چ لە ویلایەتی ئیمامی دا هەر هەڵوەشاوە (منحلە) راگەیاندراوە.

حیزبی دێموکرات خۆی لەو راستییە نەداوە کە دێموکراسی خوو و سروشتی دژایەتی لەگەڵ بێعەداڵەتی و وەلابردنی ستەمی نەتەوایەتی نییە(بروانە کاتالۆن، گەلی باسک و نیزامی دێموکراتیکی ئیسپانیا،تورکییە و دێموکراسی وحالی شڕی کورد ). دێموکراسی لە وڵاتانی ئیمام سالاری، پاشایەتی فرەگەلی بەزۆر پێکەوە لکێندراوی وەکو ئێران، تورکیە، عیراق و سوریا ... هەرگیز وەلامدەر و چارەسازی مەسەلەی نەتەوایەتی نەبووە. بەتایبەتی وڵاتگەلی وەکو ئیران و تورکییە و سوریە و عێراق کە لکاندنی نیشتمانی گەلەکانیان بە زۆر و لە ئاکامی شەر و دابەشکردنی داگیرکەران و کۆلۆنیالیستەکاندا بووە. مەسەلەی سیاسی نەتەوەی وڵات زەوتکراو بێ تێکشکاندنی دەسەلاتی سیاسی ناوەند و ناسینی مافی وەکوویەکی نەتەوەیی گەلانی ئەو وڵاتە چارەسەر ناکرێ...

### گرێدراوی کورد بە ئێرانەوە

نووسەری بەیانییەی کومیتەی ناوەندی هەوڵی داوە، پاکانە بۆ بیرۆکەی بەستنەوەی کوردستان بەئێرانەوە بکا. داگیرکراوی کوردستان و دابەشکردنەکەی بە ئەمری واقیع و بە رەزامەندیی کورد لە قەڵەم بدا و گونجاویی خەتی ئێرانیچێتی بۆ چارەسەریی مەسەلەی نەتەوەیی کورد بسەلمێنێ.

نووسەر رەنگە لە بیری چووبێ کە راگەیاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد و یەکگرتنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان بە مانای دابرینی خاکی هیچ وڵاتێکی دیکە نییە. لە راستیدا پێکهاتنی دەرفەتێکی ئەوتۆ بە مانای یەکگرتنەوەی وڵاتێکی دابەش کراوە. هیچ قانوونێکی نێونەتەوەیی رێگا نادا وڵاتێک دابەش بکرێ وخەڵکەکەی بکرێتە کۆیلە. کورد مافی خۆیەتی وەکو ئاڵمانی داگیرکراو، ڤیتنامی پارچەپارچەکراو، وڵاتانی پاشخانی سۆڤێتی بەرێ، وڵاتەکەی لە داگیرکەر رزگار بکا و دەوڵەتی نەتەوەیی یەکگرتووی خۆی هەبێ.

رەنگە نووسەر هەڵوێستی سەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆکی" هەرێمی" کوردستان لەسەر لکاندنی باشوری کوردستان بە عێراقەوە بە پاڵپشتی ئەو خەتە بزانێ. بەڵام با لەبیر نەچێ کە ئەوان لەو هەلومەرج و قۆناخەدا هەبوون و لکاندنی کوردستان بە ئیرادەی کورد و بە ئیختیاری کورد دەسپێرن و لە قانوونی پەسند کراوی عێراقی فێدرالدا ئەو ئیرادە ئازادە ناسراوە. دەوڵەتانیش بە شێوەیەکی دوفاکتۆ هەبوونی کورد، کوردستان و حاکمییەتی کوردیان بە رەسمی ناسیوە. بەڵام تئۆریی بەستراوەیی کورد بە ئێرانەوە کە سکرتێری پێشووی حیزب وکومیتەی ناوەندی پێی لەسەردادەگرن دژایەتی لەگەڵ بنەماکانی دەوڵەتە فێدرالییەکان هەیە کە حدکا لە بەرنامەی سیاسی خۆی لە کۆنگرەی سێزدەیدا ناوەکەی پەسەند کردووە. کوردستان لە زەینی رێبەرایەتی ئەمڕۆی حدکا دا نە سنوورێکی هەیە و نە نەخشەیەک و نە ئامانجی یەکگرتنەوەو نە بەرنامەیەک بۆ خەبات بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی کورد بە گشتی.

فکری بەستراوەیی کوردستان بە ئێرانەوە و ئێرانی بوونی کورد ئەگەر لەلایەن حیزبێکی نەتەوەیی وەکو حیزبی دێموکراتەوە تەبلیغی بۆ بکرێ یارمەتی بە ئاسیمیلەکردنی کورد و تواندنەوەی دەکا، هوویەتی کوردی لاوازدەکا و رێگەدەدا هەلپەرستان بە دروستکردنی حیزبی کارتۆنی بۆکورد و هاوکاری کردن لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان یەکگرتنەوەی کوردستان و یەکێتی نەتەوەیی کورد بخەنە مەترسییەوە یان وەدوای بخەن. پێکهێنانی پارتی پەژاک بە پێی تێئۆرییە کەمالیستییەکەی بەرێز عبداللە ئوجالان پاش رفاندنی لە کێنیا و مانەوەی لە ئیمرالی و حیزبی لەو چەشنە ئەو مەترسییانەن کە لە بەرچاون.

حیزبی دێموکرات تا ئێستا نەیتوانیوە هوویەتی کوردی و ئامانجی نەتەوەیی خۆی بەوجۆرەی کە لە جیهانی واقیعدا هەیە بناسێنێ. بەستراوەیی کوردستان بە ئێرانەوە نە لە ویست و ئیرادەی ئازادی خەڵک وەرگیراوە و نە دەنگی بۆدراوە. گرێدراوی کوردستان بە ئێرانەوە، ویستی هەموو پان ئێرانیست و شوێنیستەکانی ئێرانە. موکوربوونی حیزب لەسەر درێژەدان بەو سیاسەتە لەدەرەوە و ژوورەوەی وڵات تا ئێستا بێ پشتیوان ماوەتەوە.

حیزبی سیاسی بۆی هەیە خاوەنی بەرنامەو بۆچوونی سیاسی خۆی بێ، بەڵام بۆی نییە واقعییەتی مێژویی- سیاسیی گەلەکەی و وڵاتەکەی بگۆرێ یان لەخەڵکی وڵاتەکەی بشارێتەوە.

## کۆماری کوردستان و نەبوونی متمانە بەخۆیی رێبەرایەتی کۆماری کوردستان

ئاماژەکردنی بەیانییەی دووی رێبەندانی حیزبی دێموکرات بە " نەبوونی متمانە بەخۆیی" (ترسنۆکی، دڵەراوکێ، رارایی، لەرزۆکی بریاردان) رێبەرایەتی کۆماری کوردستان وەکو هۆیەکی شکستی کۆمار بە لەبەرچاوگرتنی بەڵگە و بریاری سیاسی لێبراوانەی سەرۆک کۆماری کوردستان کە لە خوارەوە باس دەکرێ وەکو باقی لێکدانەوەکانی لە سەر مەسەلەی کورد و بەشی جیانەکراوە

له ئێران و له ئێرانی ئێرانیتر بوون و بەستنەوەی مەسەلەی کورد بە روخاندنی رژیمی تاران و دابینکردنی دیموکراسی بۆ وڵاتێکی ئیمامخودایی بێپایە و دوور لە واقیعە. ئەو شێوە خوێندنەوەیە رێگە دەدا بە بەرچەسپ لێدانی مەسەلەی کورد بە دەسکردی دەرەکی و شاردنەوەی جەوهەری خەباتی نەتەوەیی کورد. لەو رووەوە ناودێرکردنی رێبەرایەتی کۆماری کوردستان بە " بێ متمانەیی بە خۆ"لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە سەیر و سەمەرەیە. حیزبی دیموکرات خاوەنی کۆماری کوردستانە و زیاتر لە هەر سازمانێکی دیکە لە واقعییەتە مێژووییەکانی کوردستان دەبێ ئاگاداربێ، کەسایەتی پێشەوای ناسیبێ و رووداوەکانی پێش ئیعدامکردنی پێشەوا و هاتوچۆی نوێنەرانی قەوام بۆ لای رێبەرانی کوردستان و درۆو بەڵێنییە هەمیشەییەکانی دەسەلاتدارانی تاران بۆ وتوویژ و گەیشتن بە رێگە چارەیەک لە لا خوویا بێ کە دەقی وەسیەتنامەکەی پێشەوا ئیشارەی پێدەکا. بەیاننامەکە دەنووسێ:

" محدودیت حوزەی نفوذ حکومت کردستان و از آن مهمتر آماده نکردن همان بخشی هم کە تحت کنترل جمهوری بود، فروپاشی ناگهانی و بدون مقاومت تنها همپیمان نزدیک جمهوری، یعنی حکومت ملی آذربایجان، ضعف و ناتوانی جبهەی متحد نیروهای سیاسی ایران و در رأس همەی آنها حزب تودە کە قادر بە هیچگونە حمایتی از دو حکومت کردستان و آذربایجان نبودند و در نهایت هم نبود اعتماد بە نفس نزد رهبری جمهوری. وگرنە همچنانکە رهبر شهید دکتر قاسملو در کتاب چهل سال مبارزە بدان اشارە نمودە است، مبارزەی چند ماهەی بارزانیها مؤید این واقعیت بود کە امکان مقاومت وجود داشت و توان نظام شاهنشاهی نیز در حدی نبود کە بە سادگی قادر بە درهم شکستن چنین مقاومتی باشد."

هەڵوێستی رێبەرایەتی حدکا لەسەر رێبەرایەتی کۆماری کوردستان لێکۆڵینەوەیەکی زیاتری دەوێ. مەبەستی خاوەنی ئەو فکرە لە رێبەرایەتی کۆماری کوردستان ،سەرکۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەدە. بە گوێرەی نووسراوەکە و تانەت ئەو فاکتەی کە نووسەر لە کتێبی "چل ساڵ خەبات "ی شەهید دوکتور قاسملوو وەریگرتووە، ئەم نەبوونی متمانە بەخۆییە هۆیەکی پچووک لە پەنا هۆیەکانی چرژانی کۆماری کوردستان ناژمێردرێ بەڵکو ئەوە ئەگەر راست بێ هۆی سەرەکییە. بەڵام ئەو لێکدانەوە و بۆچوونە ناراستە. بە پێی هەموو فاکت و بەڵگە مێژووییەکان ئەو هۆ کۆماریکوژە لە وجودی پێشەوا قازییدا نەبووە. رەنگە نووسەری ئەو بەیانییە جیاوازی نێوان هۆگەلێک کە بۆ پێکهێنانی رووداوێک پێویستن لەگەڵ هۆی سەرەکی کە بە (علةالعلل) ناودەبردرێ وەبەرچاو نەگرێ. کەسێک کە لە هۆی پێکهاتن یا تونەکردنی رووداوێک دەکۆڵێتەوە دەبێ هۆی سەرەکی ئەو روداوە دەستنیشان بکا. لەمەسەلەی کۆماری کوردستاندا دەکرێ بە دەیان مەسەلە و هۆی دیکە ئاماژە پێبکرێ، بەلام هۆی سەرەکی رووخانی کۆماری کوردستان چی بووە، نەدیارە و نووسەر خۆی لێبواردووە. هینانی باسێکی ئەو تۆ کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی بەڵگە مێژووییەکان هەیە و تا ئێستا نەکەوتوونەتە روو چۆن و لەسەر چ بنەمایەک داندراوە روون نیە و نەدیارە.

سکرتێری پێشووی حیزب بەرێز مامۆستا عەبدوللاحەسەنزادە و هەموو ئەندامانی بەساڵداچووی حیزب کە لەکاتی نووسینی نامیلکەی چل ساڵ خەبات لە دەوروبەری دەفتەری سیاسی بوون، باش دەزانن کە دوکتور قاسملوو بۆ نووسینی ئەو نامیلکەیە، فاکتی* پێویستی لەبەردەستدا نەبوو. بۆ هێندێک رووداوی گرنگ کە دەبوو ئاماژەی پێبکا لە بیرەوەری کەسانێک کە

لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا ژیابوون کەڵکی وەردەگرت. بۆ نموونە لەسەر حەرەکەتی حەمە رەشیدخانی بانە کە دەبوو ناوێکی بۆ دیاری بکا، تێدامابوو کە ئەو حەرەکەتە بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازانە بووە یان سەربزێوییەکی ملهورانە...

لەلایەک نووسەری بەیانییەکە رێبەرایەتی کۆماری کوردستان بەوە تاوانبار دەکا کە متمانە بە خۆ نەبووە، لە لایەکی دیکەش بە شێوەیەک بە کۆماری کوردستاندا هەڵدەڵێ کە وێنەی کەمە. ئەوەی تا ئێستا لەلایەن حدکاوە لە سەر کۆماری کوردستان نووسراوە تەنیا زانیاری پچڕپچڕی تاک و تەرای نووسەرانی لاوەکی بووە. نووسراوە و فاکتە مێژووییەکان، بە تایبەتی بریارە سیاسییەکانی 11 مانگەی کۆماری کوردستان و پێشتریش، دەسخەت و فەرمانەکانی سەرکۆمار دیار نین وکەس بە شوێنیان نازانێ*. وێناچێ سیستمی بێ سیستمی نووسین و راگرتنی رووداوەکان لە حیزبی دێموکراتدا هەر بەوجۆرەی کە پاش گەرانەوەی رێبەرایەتی حیزب زاڵ بوو( جیا لە بەرنامەی رادیۆیی) لە کۆماری کوردستانیشدا زاڵ بووبێ و هیچ نووسراوەیەک و بریارێکی سیاسی نەنووسرابێ.

وێدەچێ نووسەر تەنیا لەسەر لێکدانەوەیەکی شەخسی بە پشتیوانی ئارشیوی فکریی خۆی کە لە پرۆسەی پێکهاتن و نەمانی رووداوەکاندا نەبووە رێبەرایەتی کۆماری کوردستان بە "بێ متمانەیی بە خۆ" ( دەروون لەرزۆکی، رارایی، بریار بۆ نەدران و شتی لەوبابەتە ) ناودێر کردبێ. حوکمی ئەو خاڵە رەشەی کە لەقەڵەمی نووسەری وتاری دووی رێبەندانی ئەمساڵ داتکاوە دژی جەوهەری فکریی و کردەوەی ئاگایانەی رێبەرایەتی کۆماری کوردستانە. نووسەر پێشەوای گەلی کوردی نە ناسیوە. تەنانەت دەقی وەسیەتنامەو محاکەمەکردنەکەی پێشەوای لە بە ناو مەحکەمەکەی حەمەرەزاشادا نەخوێندووەتەوە.

## پێوانەی نووسەری بەیانییە و متمانە بە خۆیی

هیچ دیار نییە نووسەر بە چ پێوانەیەک متمانە بەخۆیی و بێ متمانەیی هەڵدەسەنگێنێ. بۆ نیشاندانی نادروستی بۆچوونی نووسەر رێگا ئەوەیە کە هەڵوێست و متمانە بەخۆیی ئەو10–12 ساڵەی رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ هەلوێست و متمانە بەخۆیی رێبەرایەتی سەردەمی کۆمار لە هەمبەر یەکتردا بنێین تا بێ پایە بوونی بۆچوونەکە دەربکەوێ و مەبەستی نووسەری وتارەکەش خوویا بێ.

ئەو بەشە کە لەخوارەوە دەیخوێننەوە دەقی وتووێژێکە کە باقری مومنی لەگەڵ نووسەری ناوداری فارس بزرگ علوی کردوویە. علوی باسی چوونی خۆی بۆ کۆماری کوردستان و وتووێژ لەگەڵ پێشەوا قازی دەکا و رای خۆی لەسەر ئەو دیدارە و کەسایەتی قازی محەممەد دەردەبرێ...

" جالب برای من شخصیت قاضی محمد بود. آدمی بود خیلی کتابخوان. من آنجا خیلی کتاب دیدم. آدم دانایی، ملایمی، موقری بود. آرام صحبت میکرد، نظر خودش را میگفت و چیز زیادی هم که جنبەی سیاسی داشته باشد الآن یادم نمیایدولی شخصیتش در من تاثیر کردو من متوجه شدم که او در آنجا مرد محترم و با نفوذی است برای اینکه کسانی که آنجا می آمدند همه تعظیم میکردند، دو زانو می نشستند، بدون اجازەی او حرف نمیزدند. گاهی به یکی از حاضران رو می کرد وطرف یک چیزی میگفت یا میرفت یا میآمد... ".

عەلەوی لە وەڵامی پرسیارێکی مومنیدا کە ئایا پرسیاری لە پێشەوا کردووە یان نا دەڵێ:

نه، نه! او آنقدر موقر و محترم آنجا نشسته بود و پیغمبرانه صحبت میکرد که آدم اصلاً جرأت نمیکرد ازاین حرفها با او بزند. برای من که در هر صورت اینطور بود؛ آنهای دیگر هم به همین ترتیب نپرسیدند.

مومنی: من یادم هست که هرمز یک مصاحبه ای کرده بودکه درروزنامەء« رهبر» چاپ شده بود. البته مضمونش را به یاد ندارم اما درآن یک مقدار راجع به هدف های حکومت کردستان صحبت کرده بود. حالایک سوال دیگر؛ بعدها همه جا مینویسند "جمهوری مهاباد" مگرآنجا مسئله جمهوری مطرح بود؟

مومنی: خوب ،اگر اینها خودشان را جزء ایران میدانستند چه طور میگفتند جمهوری، در حالی که در آن موقع حکومت ایران سلطنتی بود؟

لەو وتوویژەی "بزرگ علوی" سیاسەتفان، نووسەر و رۆژنامەنووس کە بۆخۆی چووەتە مەهابات و پێشەوای زیارەت کردووە، هەموو وەلامی ئەو پرسیارانە دەدرێتەوە کە نووسەری وتارەکەی حیزب بۆیَ نەگەراوە. بۆ باسی نە بوونی متمانە بەخۆیی پێشەوا، وتەکانی بوزورگی عەلەوی، فاکتی حاشالێنەکراون و لە پەنا بەلگە مێژووییەکانی دیکە، بۆچوونی نووسەر بە تەواوی وەلا دەنێن.

" او [ قاضی] آنقدر موقر و محترم آنجا نشسته بود و پیغمبرانه صحبت میکرد که آدم اصلاً جرأت نمیکرد از این حرفها با او بزند . ئەو واتە قازی ئەوەندە زەنگین و مەنو ماقوڵ و بە شکۆ رۆنیشتبوو وەکو پێغەمبەران داخفی کە مرۆڤ لەخۆی رانەدەدی ئەو قسانەی لەگەل باس بکا.

وتەی پێغەمبەرانەی پێشەوا نە لە کاتی ئاسایی دا و نە لە کۆری جەلادانی شا کە بە نێوی دادگە بۆ بەچۆکداهێنانی رێبەرایەتی کۆماری کوردستان بەسترا، نە هەر دانەهێزا بەڵکو لە شێوازی مەکییەوە بوو بە مەدەنی. چونکە لەو شوێنە، ئیلهامی لە روحی نەتەوەکەی وەردەگرت. بەرپەرچ دانەوەی ئیهانەتی دادستان و وەسیەتنامە پێرۆزەکەی و داوای یەکگرتوویی گەل ئالەو کاتە ئەستەمەدا کە رۆژی ژیانی دەبیَ ئاوابیَ، تۆبلێی پێوانەی" متمانە بە خۆبوون" نەبیَ؟ بەجێگەیاندنی واجبی ئایینی بە ئارامی و بەرەو پای دار چوونەکەی سوقراتی یۆنانی وەبیر ناهێنێتەوە کە بە ئارامی دەفری ژاری شوکەرانی بەسەرەوە نا و دەمێک دواتر روحی پێرۆزی بوو بەکۆی نوور و بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ روحی کائنات لە رکەی لەشی دەرباز بوو؟

بە گوێرەی راگەیاندراوەکانی رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات نزیک بە 200 کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر لەو 10–12 ساڵەی رابردوو، لە باشوری کوردستان کوژران. تۆ بڵێی رێبەرایەتی حدکا نەیزانێبیَ ئەو خەڵکە کیَ کووشتوونی و کیَ بەرپرس بووە؟ ئایا پاراستنی رادیۆیەکی قەدەغەکراو لە باشور ئەوەندەی دێنا کە ئەو هەموو پێشمەرگەیەی بۆ بە کوشت بچیَ؟ ئایا رێبەرایەتی حیزب لە لای سازمانێکی نێونەتەوەیی ئەو کوشتارەی راگەیاند و رەخنەیەکی لە رێبەرانی هێزی بە هێزی پشتیوان گرت کە بۆ رێگایان دا جینایەتکاران بە راشکاوی کوڕی کورد، برا و بربرەی پشتیان لە ماڵیاندا و لە ژێر حاکمییەتی ئەواندابکوژرێن؟

ئایا ڕێبەرایەتی ڕەخنەگر لە پێشەوا ئەوەندە متمانە بە خۆ بوو کە کۆتایی بە مانۆری ڕۆژانەی قاتڵی دوکتور قاسملو  لە کۆیە و لە پەنا میوانخانەی حیزبی دێموکرات بێنێ؟

دوو حیزبی سەرەکی کورد لە باشوری کوردستان ئاشتبوونەتەوە. سەرۆکی کوردستان و سەرۆک کۆماری عێراق ئێستا  دەبێ پشت و پەنای کوردبن و بەرژەوەندی کورد لە دەرەجەی یەکەمدا بپارێزن. ئایا ڕێبەرایەتی حدکا جارێک بە سەرکۆماری دەوڵەتی عێراق بەرێز جەلال تاڵەبانی راگەیاندووە کە چوونە سەر گۆڕی خومەینی و چەپکە گوڵ دانان لەسەر قەبرەکەی و ماچکردنی پاسدارە کوردکوژەکانی، بە مانای تف کردن لە گۆڕ و ناوچاوانی دایک و باو  خوشک و  برای هەموو شەهیدانی کورد لە ڕۆژهەلاتە؟ خۆ لانی کەم،  نزیک بە 200 کەس لەو شەهیدانە لە ماڵەکەی ئەودا کوژران کە دەبوو دیفاعیان لێبکا و کەرامەت و ماڵیان بپارێزێ. یان ڕێبەرایەتی حدکا ئەوەندە متمانە بە خۆیە و دەوێری ڕەخنە لە سەرۆک بارزانی بگرێ کە بۆچی بە بۆنەی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەی جینایەتکارێکی دژی کوردی وەکو کاظمی و باقی جینایەتکارانی کوردکوژی دیکە بەرقییەی سەرەخۆشی بۆ خامنەیی دەنێرێ؟ ئەگەر ئەوەندە متمانە بە خۆنین لانی کەم سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات لە سەر پاڵتاک ئەو کارە بە عورفی دیپلوماتیک ناو دێر نەکا. عورفی نەتەوەیی دەپارێزرێ نە عورفی دیپلوماتیک.

زۆر نارەوایە کە بۆ پاسای پاراستنی بەرژەوەندی برایانی باشور ومانەوە لە کۆیە خوێندنەوە لە سەر پێشەوا و ڕیبەری کۆماری کوردستان بە شێوەی ئاوا، بەناو مۆدێرن بوون و مۆدێرنیتە بگۆردرێ!! بەو جۆرە خوێندنەوە و پێناسەکردنە،  کۆماری کوردستان ببێتە حکومەتی کوردستان و کوردستانیش بکرێتە ناوچەیەکی بەرتەسک.

لە شەری دووهەمی جیهانیدا کە ئاڵمانی هیتلێری فەرەنسەی داگیر کرد، ژێنێراڵ دۆگۆل بە تەنیا لە لەندەن جمهوری ئازادی فەرانسەی راگەیاند. هەموو وڵاتانی ئازادی جیهانیش دەوڵەتەکەیان قبوول کرد. ئەوکاتە دوگۆل بستێ خاکی فەرەنسەی لە ژێر پێیدا نەبوو. کوێت و ئەمارات گچکە شانشینەکانی ئوروپا هەرکام بە چەند دەهەزارکەسەوە دەوڵەتن بەلام کۆماری کوردستان و دەولەتی سەر بەخۆی کورد، بە ملیون کوردەوە دەوڵەت نەبوو!! چۆن تشتی وا بۆ نووسەری مۆدێرنی کورد دەلوێ؟!!

## ئیلهامی بوونی کۆمار مانای چییە؟

کۆماری کوردستان بەنرخترین بەڵگەی مێژوویی کوردو بنەما و پاڵپشتی فکریی هەرە قایمی هەموو بزوتنەوە و دەسکەوتەکانی کۆن و نوێی کورد هەتا ئەم کاتەیە نە هەر تاکۆتایی قەرنی بیستەم. نووسەری بەیانییەکە ویستوویە  سیستمی کۆماریی کورستان بکاتە کلکەی گەندەڵترین ڕژیمی نێوزراوی تونابوو و کۆماری کوردستان بە ناوێکی بێ ناوەرۆکی" ئیلهامی" ناودێری دەکا.

ئەگەر کۆماری کوردستان بەو جۆرەی کە نووسەر و سکرتێری پێشووی حدکا ئیدیعادەکەن شتێکی ئیلهامی بووە و لە ئێران جیا نەبووە، دەبێ سەر کۆمارەکەی بۆ و بە چ تاوانێ ئێعدام کرابێ؟ ئەوکاتە قانوونی ئەساسی، ڕێگای دابوو ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی هەبێ. قەجەرەکانیش ئێرانیان بە" ممالک محروسه" دابەشکردبوو، هەر بەشێکیش ناوی خۆی هەبوو. لە حال و هەوایەکی ئەوتۆدا، ئیعدام کردنی پێشەوابۆ شتێکی ئیلهامی هیچ مانای سیاسی وحقوقی هەیە؟

حکومەتی خودموختار بنیاتێکە لەو بابەتە. کێشەی لایەنگرانی ئایەتوڵلا میسباحی یەزدی و ریفۆرمخوازەکان لەسەر چەمکی حکومەتی ئیسلامی و جمهوری ئیسلامی هەر ئەو بابابەتە سەرنجراکێشەیە. حکومەتی خودموختاری کوردستان و جمهوری کوردستان لە باری مەفهومەوە دوو چەمکی جودان. دوو سیستم یان دوو شکلی حاکمییەتی جودان. حکومەتی خودموختار دەتوانێ فەرمانرەوایی کەسێک بێ. بەڵام جمهوری سیستم و نیزامێکی پارلمانییە و خەلک لەوسیستم ونیزامەدا سەرچاوەی دەسەڵاتە.

سکرتێری پێشوو نالێ ئیلهام چییە و لەسیاسەت و حکومەتدا چ دەورێکی هەیە. مانای ئیلهام لەکوردی دا بە خەبەرنانی دڵ دەگوترێ. وشەیەکە عەرەبییە (چاوگ واتە مصدر)ە، ئێرادەی خوایە و لە دڵی کەسێکی نابێ بۆ ئەوە کارێکی باش بکا یان نەیکا. بە مانای چەشنێک وەحی گوتراوە. ئیلهام یان وەحی حاڵەتێکی فەردییە و لە ئایینی شیعەدا تایبەت بە ویلایەتە . لە نێو بۆرەپیاواندا بە گەیشتنی خەبەرێکە لە غەیبەوە بۆ پێغەمبەران.

پێشەوا نە پێغەمبەر بوو و نە ئیدیعای پێغەمبەرایەتی هەبوو. ئەو رێبەری سیاسی کورد و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بوو. ئەگەر ئیلهامی پێکرابێ، ئیلهامی خەڵک بووە بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان. ئەویش ئەو ئیلهامەی بەجێگەیاند و لە جیهانی واقیعدا دایرشت و بە هەزران کەسیش لە کاتی راگەیاندنی دامەزرانی ئەو کۆمارە لە دەوری سەرکۆماری کورد کۆببوونەوە. کۆماری کوردستانیش 11 مانگ بە شکۆ و گەورەییەوە ژیا. ئەو سیستمە کۆمارییە هەیئەتی وەزیرانی هەبوو، ، قەرارادی نێو دەوڵەتی بەستبوو، وڵاتی هەبوو، لەشکر و فەرماندەری لەشکری کوردستانی هەبوو... شاعیری میللی هەبوو و شێعریان بۆ گووتووە، رۆژنامە و گۆڤاری هەبوو، ناوەکەشی" جمهوریی کوردستان" بوو. بەڵام وەکو ناوی حیزب کلکۆلەی ئێرانی پێوە نەبوو ... تۆ بڵێی ئەمانە هەموو ئیلهام بووبن یان واقعییەت؟

دوژمن لە نەبوو شت دروست دەکا و بە ملیۆن خەڵکی پی فریودەدا. بەڵام سیاسی کورد وەکو فارسە دوژمنەکە بەڵگە سازدەکا بۆ ئەوەی بیسەلمێنی کۆماری کوردستان چەشنی حکومەتەکەی حەمەرەشیدخانی بانە بووە و پێشەوا متمانە بە خۆ نەبووە. رێبەرانی ئێستای حیزبی دێموکرات کە بەیانییەیەکی ئەوتۆ لەسەر دووی رێبەندان دەنووسن نابێ بدەن بێعەمەلی سیاسی حدکا، بە حیسابی بەرژەوەندی برایانی باشور بنووسن. واقعییەت ئەوەیە ژیانی سیاسی رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات لە ساڵەکانی پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو ئەوە نییە کە پێیدا هەڵدەلێن.

قوماشێک کە ئەو وتارنووسە بۆ بالای بەرزی کۆماری کوردستان لە بزگور و مردەوەژی و پنۆکی بەجێماوی بەر خەرەکی فکریی دۆم و کۆچەران و پرزەی داڕنیوی درک و نووسەکەی چۆڵگەو دەراوان لە کەوڵی بزنی زیانیخرۆی بوورەو بەیاران رستوویە نە شیاوی بالای بەرزی کۆماری کوردستانە و نە بۆ بەری رێبەرایەتی یەکەم حاکمییەتی نەتەوەیی کورد لە60 ساڵی رابردوودا دەبێ. جێی داخە کە لە ریزی رێبەرایەتی ئەو حیزبە دێموکراتەدا کە خۆی بە میراتگری کۆماری کوردستان دەزانێ کەسانێک هەن کە خولیای دیمەنی دیواری تەلبەندی زیندانی پر لە نەگبەتی ئێرانن کە بە ساروجی رک وکینی دژی کورد دارژاوە و لەهەموو مێژوویدا کوردی تێدا کوشتارکراوە. بەڵێ نووسەری وتارەکە دەیەوێ ئەو بریارە مێژووییەی کە رێبەرایەتی کورد60 ساڵ لەمەو بەر بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان و بۆ ژینێکی ئازاد رایگەیاند وکوردی لە کوشتارگەی ئێران جیاکردەوە بە نادروست بزانێ وسەر لە نوێ کوردبەوە بخاپێنێ کە هەبوونی کیانی سەربەخۆی

کورد دوور لە مۆدێرنیتەیە و کورد نە خوازیاری رزگاریی کوردستان لە داگیرکەرە و هەر دەبێ بە دیلی بژی و خۆی بەو زیندانە کۆنە و ئەو کوشتارگە مێژووییەوە بلکێنێ. ئەوەش خۆراکی فکرییەکە کە لە هەموو ساڵەکانی پاش کۆمار، پان ئیرانیستگەل و ئەندامانی حیزبە سەرانسەرییەکانی ئیران و کوردە داتەکاوەکان لە هەستی سەربەخۆیی کورد قەمەیان بۆ کێشاوە و سنگیان بۆ کوتاوە. بەشێک لە دڵسۆزانی کوردی تەریکە وڵاتیش لە ساڵە رەشەکانی پەهلەویدا خەیالی بەرزەفریان خەباتی کوردی بە خەبات دژی ئیمپریالیزمی جیهانییەوە گرێ دەدا. لە حاڵێکدا خەباتی کورد لەو رۆژەوە کە کوردستان داگیرکراوە و دواتر دابەشکراوە خەباتی کورد تا ئەمرۆ بۆ رزگاری لە کۆیلەتی و دابەشکراوی بووە. ئەو بیرمەندانە بێ خەبەر نەبوون کە کورد نیری دووئیمپریالیزمی بە ملەوە بووە. نیری ئیمپریالیزمی جیهانی و نیرو دەمبێنی داگیرکەری ترک و فارس و عەرەب. بەڵام بەرژەوەندی برایانە دەرفەتی دەربرینی ئەو راستییەی نەدەدا چونکە چەپاژۆیی و خۆ بەکوشتدان بۆ ئەنترناسیونالیزمی پرۆلێتێری لە بەرژەوەندی میللی بەرزتردەنرخێندرا!!

## پاراستنی بەرژەوەندی برایانی باشور، قوربانیکردنی بەرژەوەندی بەشەکانی دیکە

بەگوێرەی بلاوکراوەیەکی کۆماری ئیسلامی لە سایتی ئینترنێتی سیروان و بازتابی پاسدار رەزایی گوایە رێککەوتنێکی راستەو خۆ یان ناراستەوخۆی رێبەرایەتی 10ساڵ لەمەوبەری حدکا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی لە ئارادابووە. بە پێی ئەو ئاگربەسە کە بە ناوی پاراستنی "بەرژەوەندی براکانی باشور" پێناسە دەکرێ، حیزب خەباتی سیاسی – نیزامی خۆی بە دژی کۆماری ئاخوندی لە رۆژهەڵاتی کوردستان راگرتووە. ئەو پرسیارە دەبێ وەڵام بدرێتەوە کە: بریاری دەساڵ لەمەوبەری رێبەرایەتی حیزب بۆ ماوەی چەنساڵ بووە؟ ئەو ئاگربەسە ناراستەو خۆیە بێمەرج بووە یان لایەنەکەی دیکە دەبوو هێندێک ئیلزاماتی وەکو تێرۆرکردن و دەرماندانوەکردە و هێرش کردنە سەر حیزب بپارێزێ؟ تۆ بڵێی ئەو تێزە مۆدێرنە کە نووسەری بەیانییەکە ئاماژەی پێکردووە بەندێک لەو قەرارداده ناراستەو خۆیە نەبێ؟ ئەگەر وەڵامی پرسیاری یەکەم بەڵێ بێ، دەبێ رێبەرایەتی حدکا بیر لەوە بکاتەوە کە پێشمەرگەی بۆ چییە؟ مەگەر بۆ ئیسکۆرتی رێبەران لەو شووێنەی کە لێی جێگیرن. لە حالەتێکی ئەو تۆدا لە بری مایەدانان بۆ فێرگەی نیزامی باشترنییە کە حیزب زانکۆیەک بۆ پەروەردەکردنی کادری سیاسی، پزیشکی، ئابوری، رێگەو بان بکاتەوە و کادرو پێشمەرگەکانی حدکا لەو زانکۆیەدا پەروەردە بکرێن. بۆ پێکهێنانی متمانەش بە کۆماری ئیسلامی رابگەیەندرێ کە بووەتە حیزبیکی" مۆدێرن" ، کاری بە چەک و کردەوەی چەکداری نییە، دروشمی روخاندنی کۆماری ئیسلامی وەلادەنێو خۆی دەکاتە حیزبێکی رێفورمخوازی لە چەشنی موشارەکەت و موجاهیدینی ئینقلابی ئیسلامی. ئەگەر وەڵامەکەش نا بێ، پێویستە لەو هەلومەرجە نوورییەدا کە بەرژەوەندی ئیدیعاکراوی برایانی باشور بەسەر چووە حیزب بۆ مانەوەو درێژەدانی بە خەباتی نەتەوەیی تاکتیکی خەباتی خۆی بگۆرێ. لەو حاڵەداتۆ بڵێی لاوانی کورد لە خەباتی رزگاریخوازانەی خۆیان دیفاع نەکەن و لەکاتی پێویست لە جینایەتکارانی داگیرکەر رانەسێن و نەبنە پاڵپشتی ستەملێکراوان و بە سازماندانی خۆیان وخەلک پێش بەتواندنەوەی کورد و بەفەسادی کۆمەڵگاکەیان نەگرن؟ ئایا شکاندنی ئەو ئاگربەسە ئیزنی برایانی پشتیوانی گەرەکە؟ تۆ بڵێی بەرژەوەندی باشوری وڵاتەکەمان بخاتە مەترسییەوە؟ ئایا کەسێک باوەر دەکا کە بۆ برایانی باشوور ورمێ و سنە و کرماشان و هەمەدانی پێتەختی ماد لە کەرکوک و موسل نە گرنگترن؟

نووسەری بەرێزی رەخنەگری کۆمیتەی ناوەندی دەزانی لەورۆژەوە کە 150.000 نەفەر سەربازی ئەمریکا و هەزاران سەربازی وڵاتانی دیکە عێراقیان لە رژیمی سەددام پاک کردووەتەوە، هیچ هێز و دەسەڵاتێکی ئەم جیهانە ناوێری بە دووربینیش تماشای باشوری کوردستان بکا. لەسەرەتادا ترکان دەیانویست خۆیان بە کورد تاقی بکەنەوە، بەڵام سەرۆکی کوردستان، میراتگری بارزانی و رێبەرانی بەوەجی هێزی پشتیوان و هەموو حیزبە سیاسییە نەتەوەییەکان حەکیمانە هۆشی ژێنراڵە شێت و فێدارەکانی ترکیان دەمێشکیان ترینجاندنەوەو لە نێوان خۆشێتکردن و ژیرانە رەفتار کردن کردیاننە سەرپشک. تێیان گەیاندن کە نە دەوری عەبدولحەمید وسولتان سەلیمە کە بە ناردنی کەوڵە مەرەز شەری عەشیرەتی لە کوردستان ساز بکەن و نە دەوری گورگەبۆرەکانی مستەفاکەمال و ئەنوەرپاشا و رەفعەتبەگ و جەماڵ پاشایە کە کوردیش وەکو ئەرمەنی خاشەبربکەن.

لەو رۆژەوە کە ئەمریکا هاتووەتە نێو خاکی عێراقەوە بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ کورد هاوبەشە و کورد لە باشور پارێزراوە. گەرانەوە و وەگەرخستنەوەی ئاگری شۆرش لەرۆژهەڵات نە هەر بەرژەوەندی کورد لە باشور ناخاتە مەترسییەوە بەڵکو دوژمن زۆر زووتر لەوە کە چاوەروان دەکرێ لەترسی پەرەگرتنی شۆرش لە هەموو وڵاتدا و مەترسی تێکشانی دەرەکی بە چۆک دادێ و بارێکی قورسیش لەسەر ملی برا پشتیوانەکان لادەچێ. لەوانەیە رێبەرایەتی حیزب بەو قەناعەتە گەیشتبێ کە برایانی پشتیوان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی رێگە نەدەن براکانیان لە ماڵیخۆیاندا دیفاع لە خۆ بکەن وە کو ئەوان بە ئازادی بژین. گومان لەوە دانییە کە رێبەرانی بزوتنەوەی کورد بەرژەوەندی هەموو کورد حەکیمانە لێک دەدەنەوە و چ جوداوازییەک لە لەبەرژەوەندی کورددا نابینن.

پرسیارێکی دیکەش شیاوی وەڵام دانەوەیە : هەموو کەس کارنامەی ساڵانەی خۆی دەخوێنێتەوە. دەکرێ نووسەری ئەو بەیانییەیە بڵێ ریبەرایەتی حیزبی دێموکرات لە 10–12 ساڵی رابردوودا و لەکاتی پشوودانداچەند مەدرەسەی عالی داناوە و چەند زاناو پسپۆری لە هەر بوارێکدا پەروەردەکردووە؟ ئەگەر سبەینێ ئاخوند کوردستانی بە جێهێشت و رێبەرایەتی حدکا و کادرەکانی بۆ حکومەت کردن گەرانەوە ئەو کوردستانەی کە بە هەزاران پسپۆرو زانیاری تێدایە, کامە کادری پسپۆری حیزب سازمانیان دەدا و کارو باری ئەو خەڵکە بە رێوە دەبا؟ ئەو متمانە بە خۆییە کە کورد دەتوانێ خودموختاری وەربگرێ و خۆی بەرێوە بەرێ لەوجودی کێ دایە و کێ دەبێ ئەو کارەبکا؟

## حیزبی دێموکرات و پێناسەکردنی ناسیونالیزم

### بەشێک لە بەیانییەی دووی رێبەندان بە زمانی فارسی:

جمهوری کردستان حکومتی ملی بود. اما افق دید آن بسیار وسیعتر از آن بود که تنها در جهت تأمین حقوق ملی خلق کرد تلاش نماید. این جمهوری و حزب مؤسس آن جهت توسعەی جامعه در همەی زمینەهای اقتصادی، اجتماعی و فرهنگی دارای برنامه بوده و بهبود زندگی اقشار و طبقات فقیر وکم درآمد را در الویت اهداف خویش قرار داده بودند. اگر چه جمهوری کردستان حکومتی منطقەای یا لوکالی بود. اما هیچگاه رابطه با دیگر ملتهای ایران را از نظر دور نداشته و متناسب با تواناییهایش در جهت استحکام رابطەی اخوت و هم رزمی بار دیگر ملتهای ایران و نیروهای میهن پرست آنها تلاش مینمود. تشکیل جبهەی متحد با بخشی از نیروهای سیاسی وقت ایران و بویژه

انعقاد قرارداد دو جانبه با حکومت ملی آذربایجان اسناد انکار ناپذیر این مدعا میباشند. بالاخره قلمرو جمهوری کردستان فقط بخشی از کردستان ایران شامل میشد اما هم رهبری حزب دمکرات و جمهوری این حکومت را متعلق به تمام خلق کرد در ایران و سایر بخشهای کردستان میدانستند و هم تودههای ملت کرد در هرجایی از کردستان چشم امید بدین جمهوری نوپا دوخته بودند.

نووسەر ی بەیانییەکە دەڵێ:

"کۆماری کوردستان حکومەتێکی نەتەوەیی بوو. بەڵام ئاسۆی دیتنی لەوە بەرئاوڵەتر بوو کە تەنیا بۆدابینکردنی مافە نەتەواییەکانی گەلی کورد تێبکۆشێ...". ئەو بەڵام و روونکردنەویەی دواتر دەریدەخا کە نووسەر مافە نەتەواییەکان ناناسێ. ئەو بوارە ئابوری و فەرهەنگی و دادگەرییەکۆمەڵایەتییانە کە باسی دەکا هەموو بەشێکن یان باشترە بگوترێ جەوهەری مافی نەتەوەییین کە کورد خەباتی بۆدەکا. نووسەر دواتر دەنووسێ :" کۆمار حکومەتی لۆکالی واتە ناوچەیی بوو". (لۆکال بە زمانی ئاڵمانی بە مانای جێگە و پاژێکی پچووکی شارێک و چێشتخانە و شوێنی خواردن و خواردنەوەیە). نووسەر پێیوایە دەبوو رۆژی راگەیاندنی دامەزرانی کۆماری کوردستان هەموو کوردستان بە (550.000 )کیلۆمیتر رووبەرەوە لەژێر دەسەڵاتی کۆماردا بووبێ و هەموو گەلی کورد لەورۆژەدا لە مەیدانی چوارچرا بووایەن، ئەوکاتە کۆماری کوردستان دروست دەبوو، دەنا ئەو کۆمارە، بەشێکی پچووک بووە لەئێرانی جیا نەبۆوە و حکومەتێکی خۆیی بووە!

هەموو ئەو پینەوپەرۆیەی کە ناوی دەنێ مۆدێرنیتە، لۆکالی، ئێرانی بوون و... لەبەر ئەوەیە پێی نەڵێن حدکا نەتەوەیی و جیاوازیخوازە. دەنا مۆدێرنیتە و نەتەوەخوازی و دیفاع لە مافی میللی ئەوپەری پێشکەوتنخوازییە. با نووسەری بەرێز وتەکانی ژاک شیراک، سەرکۆماری فەرانسە، بێشکەی مۆدێرنیسم و مۆدێرنیتە بخوێنێتەوە کە گوتی: " ئەوەی خەڵکی ولاتەکەی من بکوژێ، بە ئەتۆم تونای دەکەم". هەموو دەزانن کە ئاماژەی ژاک شێراک بە حکومەتی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی بوو کە بەشێک لە کوردیش بە بە شێک لە و وڵاتە دەژمێردرێ. تۆنی بلێریش سەرەک وەزیرانی بریتانیا دووهەم وڵاتی مۆدێرنی ئەم جیهانە پشتیوانی لە هەڵوێستی شیراک کرد. بەو پێیە هەموو ئوروپا و ئەمریکاشی رەگەڵ کەوت. ئەگەر لە ژاک شیراک بپرسن کە بنەمای فکرەکەی چییە کە دژی تێرۆریستان ئەتۆم بەکار دێنی؟ دەڵێ : پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی خەڵکی فەرەنسە. ئاکامی ئەو باسە ئەوەیە کە جیهانی دایکی مۆدێرنیتە پاراستنی ئەمنییەتی نەتەوەیی ، مەوجودییەتی نەتەوەیی، حاکمییەتی نەتەوەیی و دیفاع لە کیانی نەتەوەیی بە جەوهەرو نەفسی مۆدێرنیتە دەزانێ. واقعییەتی ژیان بێپایە بوونی هەموو ئەو ئیدە فەلسەفییە بێدەست و پێیانە لوول دەدا و بۆ خاوەنەکانیان دەنێرێتەوە کە لەگەڵ سروشت یەکگرتوو نین. مارێک کە سەر لەهێلانەی دارکوتکە بۆ خواردنی بێچووەکانی رۆ دەکا، دەبێ بزانێ کە چاوی بەرگەی کوتک و دەنووکی تیژی ناگرێ و بە کوێری دەگەرێتەوە.

وتەکانی شیراک هەموو ئەو ریسانەی کە رێفورمخوازانی فێلبازی ئاخوندی و کەمالیستەکان کردبوویانە پەتک و بۆ خنکاندنی کورد بایان دەدان کردەوە خوری. تا ئەو کاتەی کە داگیرکەرانی کوردستان بۆ مافی سیاسی یەکسانی کورد لەگەڵ نەتەوەی خۆیان مل دانە نەوێنن، کوردبۆ بەربەرەکانی کردنیان دەبێ لە هەموو ئیمکانێک کەڵک وەربگرێ. تا ئەوڕۆژەی کە کورد بە مافی رەوای خۆی نەگەیشتووە و داگیرکەری لە وڵاتەکەی راو نەناوە مافی بەربەرەکانی چەکدارانەی بەزیادەوە هەیە.

یوهان گۆتفرید هێردێر گەورە حەکیم و هۆمانیستی ئاڵمانی گوتەنی، نەتەوە بەرهەمی سرووشتە. چەشنی دارو گوڵ و کێوو بوونەوەری ئەم جیهانە و کائیناتە. هەیە و هەر دەمێنێ و جیهان بە بوونی نەتەوەکان و کولتور و زبان و رەنگەکانیانەوە جوانە. نەتەوەیی بوون بە مانای قبووڵی هەموان وەکو خۆیانە... نەتەوەیی بوون بە مانای قبولکردنی بەرابەری گەلانە. مەبەستیش بەرابەریی سیاسیی و ئینسانییە بە هەموو ماف و بەرپرسایەتییەکەوە کە هەیەتی. بەمانای گەراندنەوەی مافی زەوتکراوی کۆمەڵێکی دیل و کۆیلەی وەکو کوردە.

وێدەچێ"بەیانیە" کە لە وتووێژێ رادیۆیی بەرێز مامۆستا عەبدوللا حەسەن زادە سکرتێری پێشووی" حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران" لەگەل رادیو دەنگی کوردستان وەرگیرابێ یان دەقی وتارە دابەزێندراوەکەی مامۆستا حەسەنزادە بێ کە بە دەستتێوەردانێک بە ناوی کومیتەی ناوەندییەوە بڵاوکراوەتەوە. ئەگەر ئەو گومانە راست بێ و ئەو نووسراوە فارسییە بەرهەمی بۆچۆن و فکری مامۆستا حەسەن زادەبێ، هەڵدەگرێ کوردپەروەران و هەستیارانی سەروەریی نەتەوەیی خەم دایانگرێ. چونکە بە سەر هەڵدانەوەی بیرۆکە ژەهراوییەکەی ئێرانیچێتی کۆنە توودەییان لە حیزبی دێموکراتدا، کۆماری ئیسلامی ، سەڵتەنەتخواز و پان ئێرانیستان کلاوی لەنگەری بۆ بەرز دەکەنەوە و فەرشی سووری بۆ رادەخەن. چەندە خەمهێنەرە، کارنامەی سەروەری حیزبێکی نەتەوەیی خاڵێکی ئاوا رەشی تێدا بنووسرێ کە سکرتێری پێشووی ئەو حیزبە، سەروەریخوازی و سەربەستی نەتەوەیی بە دوژمنایەتیکردنی کورد لەقەڵەم بدا.

چۆن دەلوێ و چ بەرژەوەندییەک لەوەدایە کە لە هەبوونی پێناسەی سەربەستیخوازی نەتەوەی کوردحاشای بکرێ؟ بۆچی و لەبەرچی و بۆ کام مەبەست؟ سکرتێری پێشووی حیزب لە خاڵێکی سەرەکی وتارە رادیۆییەکەیدا ئاوادەڵێ:

زۆرجار لەو بارەوە دوژمنانی کورد بە جۆرێکیان دامەزرانی جمهوری کوردستان لێک داوەتەوە کە کوردان ویستویانە لە ئێرانێ جوداوەبن. ئەو حکومەتە بۆیە بووە. لە حاڵێکدا لە وڵاتەکەدا شاهەنشاهی‌یە حکومەتە محەلییەکە دەبێتە جمهوری. ئەگەر دیققەت بکەن ئێستاش حدکا کە هەم دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بووە هەم ئێستاش ... عومدەترین... شوعاری جیابوونەوەی لە ئێران نەبووە. کەوابێ شتی وا نەبووە. رەنگە ئیلهامی لە دەور و بەر وەرگرتبێ بەڵام ویستوویە بریاردەری حکومەتی خۆی بێ.

سەیر تێکەڵپێکەڵێک؟!!

ئەگەر کەسێک بێژێ کۆماری کوردستان جیا لە ئێران بووە بۆ دوژمنی کوردە؟! یان بۆ جمهوریی بوونی کوردستان بە مانای محەللی بوون و بەشێک لە ئێران بوونە؟! بە پێچەوانەی نەزەری سکرتێری پێشووی حدکا جمهوری بوونی کوردستان و پاشایەتی بوونی ئێران لە یەک کاتدا بە مانای جودایی بوونە نە گریدراوی دووسیستمی تەواو جیاواز. بەحرەین بەشێک بوو لە ئێران لە سەردەمی پەهلەوی دووهەمدا. شێخەکەی داوای خاوەنەتی ئەو دورگەیەی کرد و ئینگلیزە حەیاتەکە پشتیوانی لێکرد و ناویشی لێنا ئەمارەت و ئێستا سەربەخۆیە. کۆماری کوردستانیش ئەگەر ئەرتەشی ئێران بە پشتیوانی ئینگلیز و ئەمریکا نەیروخاندبایە ئێستا چ حاکمییەتێکی هەبوو؟ حکومەتی خودموختار بوو یان جمهوری کوردستان؟ ئەگەر حکومەتی کوردستان بوو، سەرۆک کۆمار و سیستمی کۆماریی و ئاڵا و سرودی... بۆچی بوو؟ فکری جیایی کوردستان لە داگیرکەران فکری پێشەوای کۆمای کوردستان بوو یان ئاکامی سەتان ساڵ خەباتی کورد بۆ رزگاری لە کۆیلەتی بوو؟

بۆ ئەو رزگار بوونەش کورد هەموو مێژووی شەلالی خوێنە. سەیر نییە کەسێک بە شێخ عوبەیدیللا، شێخ سەعید، ئیحسان نووری پاشا، سمکۆ، شێخ مەحمود و عەبدوللا ئۆجەلانی بەر لە کێنیا و ئیمرالی کە داوای دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیان کردووە بە دوژمنی کوردناودێر بکا؟ !

رادانی کورد بۆ پاشخانەی پاشایەتی وداپۆشینی بە عابای ئاخوندی لە لایەن کەسێکەوە کە هاورێی هەزاران رێبواری ئەو رێیە بووە، کسپە لە دەروون هەڵدەستێنێ. گەلۆ کۆماری کوردستان کە رێبەرەکەی و هەزاران گیانفیدای سەریان لە پێناویدا بەخت کرد ئەوە بووە کە نووسەر لەو وتارەدا دەیناسێنێ؟

خوێنەری دەتوانێ سەرجەمی وتووێژەکە بە زمانی کوردی و بەدەنگی بەرێز مامۆستا حەسەنزادە لە و سایتەدا ببیسێ.http://www.lawan.com/deng/radio.ram بەیانییەی دووی رێبەندانی کۆمیتەی ناوەندی حدکا لە سایتی گیارەنگ دا بخوێنەوە.

*سەبارەت بە چارەنووسی سەنەد و بەڵگە مێژووییەکانی کۆماری کوردستان ساڵێک لەمەوبەر لە مامۆستا حەسەن زادە پرسیارم کرد. ناوبراو گوتی: لە فلانە شارە و تەحویلی پیاوێکی پیر دراوە و تەنیا ئەو لێی ئاگادارە و بە جۆرێکی شاردوونەوە کە کەس پێی نازانێ و گۆیا ئەوشوێنە کۆنە و ئەمیندارەکەش لەوانەیە مردبێ یان بمرێ و میراتگرەکانی ئەو خانووە کۆنە بفرۆشن.

بەڵێ با ئەو سەنەدە مێژووییانەش وەکو هەموو ئاسەوارەکانی کورد تێدابچن. وەچەی دوارۆژمان ئەگەر بپرسن کوا بەڵگەی کۆماری کوردستان؟ حیزبی دێموکرات دەبێ وەڵامەکەی مامۆستا حەسەن زادە بخوێنێتەوە و فاتیحەیەکیش بۆ روحی ئەو ئەمیندارە بە بەهەشت شاد بووە.

– نێوەرۆکی وتەکانی مامۆستا راگوێزراوە

تۆبڵێ حیزبی دێموکرات لە هەموو کوردستاندا کەسێکی دڵسۆزی نەبێ کە ئەو ئەرکە وەئەستۆ بگرێ و ئەو گەنجینە مێژوویە لە فەوتان رزگار بکا؟ ئەو بەڵگانە بڵێی نرخی کۆنەماشینێکیان بۆ کورد نەبێ کە ئاودیو دەکرێ؟

30.01.2006



وێنەیەکی بێوێنەی رێبەرێ کۆماری کوردستان و هاورێیانی